دژتیرۆر: تەنها چەند کیلۆمەترێک لێنەوان داعش و هەولێری پایتەختدا هەبوو

هێزەکانی دژتیرۆر CTG لە پەیامێکدا ڕایگەیاند، "بەر لە 9 ساڵ و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، هێزەکانی دژتیرۆر داستانێکی بە وێنەیان تۆمارکرد، کاتێک هەمووان دەستوەستان بوون و چەندین ناوچە بە بەرگری ڕادەستی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش کرابوون و تەنها چەند کیلۆمەترێک لێنەوان ڕێکخراوەکە و هەولێری پایتەختدا هەبوو، هێزەکانی دژتیرۆر توانیان شارەکە بپارێزن و شارچکەی مەخمور بە کەمتر لە کاتژمێرێک کۆنترۆڵ بکەنەوە".

دژتیرۆری CTG جەختی کردەوە کە "دژتیرۆر ئەو هێزەیە کە خێی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر پاراستنی بست بە بستی خاکی کوردستان و قوربانیدانی هێزەکانی دژتیرۆر لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان شایەتی ئەو ڕاستییە".